# لێكچونی نێوان (دیموكراسیەتی بۆش وبلێر و دكتاتۆریەتی صدام) چیە ؟

هاتو هاواری ئەمریكا گشت گۆشە جۆراوجۆرەكانی ئیعلامی گرتەوە ، بە دیموكراسی كردنی عێراقی كردە میكانیزمی جێبەجێ كردنی ستراتیجیەتی ئەمریكا، تائێستا چەند هەزار ئینسانی لەخەڵكی عێراق كردووەتە قوربانی بۆی، ئەمە جیا لەوەی كەدەیان باندی تیرۆریستی لەسایەی بەدیموكراسی كردن دروست بووە وە ڕۆژانە دەیان لاشە بێ گیان دەكەن .

گیانی تۆڵە سەندنەوە وە شەرعیەتدان بە قەتڵوعامی خەڵك و تاڵان كردن و بێ یاسایی بووەتە كارێكی ئاسایی و هەموو ڕۆژە دوبارە دەبێتەوە .

شەڕی تائیفی ، دروستكردنی حكومەتی تائیفی،شەرعیەتدان بە كۆنەپەرستی هێشتنەوەی داڕزاوترین یاساو سەرئەنجام درێژە كێشانی ئەم هەلومەرجە نا هەمووارە دیموكراسیەتەكەی بۆش و هاوكارەكەی تۆنی بلێر پێكدەهێنن .

(صەدام حسین ) كەبەقەولی بۆش و بلێر وەبەقەولی گشت ئینسانێك دكتاتۆر بووە وە بۆ ماوەی 35 ساڵ هەرچی ویستوویەتی كردوویەتی ، خەڵكی عێراق و كوردستان تەواو بێزار بووبوون لە دەسەڵاتی ڕەشی صەدام و حیزبە شۆڤێنیستیەكەی و كردەوەو یاساو ڕێسا میلیتاریەكانیان . ئەو یاسا دژە ئینسانیەی كە صدام ڕۆژانە خەڵكی پێ تاوانبار دەكرد وخەڵكی پێ گولەباران دەكردو بەو پێیەش لە سێدارەی ئەدان ، سەرەنجام بووە یاسایەكی هەمیشەیی داسەپاو بەسەر خەڵكی عێراق دا ،لە سایەی دیموكراسیەتەكەی بۆش و بلێردا .

تارۆژی 2006/12/30 خودی صدام حسین هەربەو یاسایەی كەخۆی كردبویە دابوو نەریتی دەسەڵات لە عێراقدا وشەرعیەتی پێدابوو بەجیا لە هەموو لێكدانەوەیەك كە لەسەر دادگایكردنەكە دەكرێت و سیناریۆكانی پشتی ئەم یاسا ڕەشەی چەسپاندنی سزای لە سێدارەدان ، ئەویشی پێ لەسێدارە درا .كە ئەوەی بەبیری هەمووماندا دەهێنایەوە كە هەموو هاتنی سەری ساڵێك لە دیاری جەژنانەی سەری ساڵی تازەدا كۆمەڵێك گەنج و لاوی قوربانی لە سێدارەدراوی بۆ هەموو شارەكانی عێراق و كوردستان دەناردەوە .كەدەبوو وانەبووایە وە لە دیموكراسیەتەكەی كە ئەمریكا دەیبەخشێتەوە بەڕواڵەتیش بووایە جیاوازیەك هەبووایە .

صدام حسین كە لە سێدارە دراوە لەباری سیاسیەوە وە لە باری مێژووییەوە بۆ شۆڤێنیزمی عەرەبی و سونەت و بزوتنەوەیەك كە ئەو خۆی بەڕابەری دەزانی بووە سومبول و پاڵەوانی دەرەجە یەكی ئەم سەردەمە .وە بۆ جارێكی تریش مێژووی ئەو فاشیزمە خۆی نوێ كردەوە ، وە شانی شەریكەكانی لە گشت تاوانەكانیان خاڵی كردەوە .

بۆش بە بۆنەی لە سێدارەدانی صدام حسینەوە لە ووتەیەكدا ووتی (ئیعدام كردنی صدام وەرچەرخانێكی مێژووییە ، وە سەرەتایەكی باشە بۆ بەدیموكراسی كردنی عێراق) بۆش لەم قسەیەیدا ئەوە دوپات دەكاتەوە كە عێراق دەكاتە وولآتی ئەو دیموكراسی یە باوەی كە پێشتر بە هەموو شەقامو كۆڵانەكاندا نوسرابوو لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا (الدیموقراگیە مصدر القوە للفرد والمجتمع) ، بەڵام یاسای سێدارە بنەمای چەسپاندنی بوو ئەمەش بۆ خەڵك واتاكەی ڕونبوو.

بۆش بۆی گرنگ نیە خەڵكی ڕۆژانە چەندیان لێدەكوژرێت و تەنانەت بە چ ستانداردێكی ئینسانی قانوون بەڕێوە دەچێت . ئیتر ئەوەش روونە كە ئایندەی خەڵكی عێراق ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەكا یان نا؟ ئیتر هەموو شتێك وەك صدام و حیزبەكەی (كل الشئ من اجل النصر )ە واتا هەموو شتێك لە پێناو سەركەتنە بۆ ستراتیجیەتی ئەمریكا.

زۆرێك لەو وولآتانەی كە حكومەتەكانیان ئەڵقە لەگوێی ئەمریكان وە بە دڵی ئەون ، وە دەسەڵاتێكی زۆر لە سەدام دكتاتۆر ترن و كۆنەپەرست تریشن ، بەڵام لەگەڵ بەرژەوەندیەكانی ئەمریكا گونجاون . بۆش و بلێر لە عێراق حكومەتێكی ئەڵقە لەگوێی خۆیانیان دەوێ ، وە ئەگەر بۆیان مسۆگەر كرا ئەوا ناوی دیموكراسیە و ئەوە دیاری بۆش و بلێر و نیزامی نوێی جیهانیە بۆ خەڵكی عێراق .

بە تەسەوری من جیاوازیەك نابینم لە دەسەڵاتی حكومەتی ئایندەی عێراق لە سایەی پرۆسەی ئازادیەكەی بۆش و بلێر ،لەگەڵ حوكمێ كەلە سایەی دەسەڵاتی ڕەشی بەعس و صدام حسین دا بەڕێوە دەچوو ، كاتی صدام ( حوكمی ئیعدام ، زوڵمی قەومی ، سەركوتی ئازادیەكان و ...هتد) زاڵبوون .

سەرەتاكانی دەسەڵاتی ئێستای عێراق لە سایەی ئەم كۆكتێلە (دینی و قەومی وتایەفەگەریەدا) كە ئێستا دەستیان بەسەر سەرووەت و سامانی عێراقدا گرتووە (تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی ، شەڕی تائیفی، جیاوازی ڕەگەزی ، جیاوازی قەومی ، فەسادی تاسەر مۆخ سیاسی و ئابوری و ئیداری و بێمافی خەڵك لە هەموو پێداویستیەكان و...هتد) زاڵە بەسەر كۆمەڵگەی عێراقدا .

بۆیە لە سێدارەدانی صدام نابێتە هۆی خێروخۆشی بۆ خەڵك لە عێراق ، بەڵكو زیندوو كردنەوە و شەرعیەتدان بوو بە داب و نەریتێكی بەجێماوی كۆنە پەرستانەی ئەو ڕژێمە شۆڤێنیە . پێویست بوو صدام حسێن و هاوكارانی لە دادگایەكی هێمن و لە شوێنێكی بێلایەن و نێودەوڵەتیدا دادگایی بكرانایە تا زۆر شەفافانەتر گشت بەڵگەو هاوكارەكانی بۆ خەڵك ڕسوا و ڕۆشن بكرانایەتەوە ، تا بۆ هەتا هەتایە شۆڤێنیزمی قەومی و بزوتنەوەكەی مۆركی شەرمەزاریان لێبنرانایە وەك لە وولآتانی پێشكەوتووی ئەوروپا و جیهانی متمدن و دژی شەڕ و ئینسان دۆست سەپاندی ، خەڵكی عێراق بە ڕابەرایەتیكردنی كۆنگرەی ئازادی ئەم خەباتە دەبێت گەشە پێبدات و كرێكاران و شوراو سەندیكا كانیان لە ڕیزی پێشەوەی ئەم خەباتە بوەستن بۆ

**کۆتایهێنان به داگیرکاری و ستهمی میللی و شهری دینی و ...هتد ، وه دامهزراندنی حکومهتێکی ئینسانی و غهیره قهومی و دینی له عێراقدا بۆ سڕینهوهی ههتا ههتایی ئاسهوارهکانی ئهو ڕژێمه و سیاسهتهکانی له عێراق .**

**وهستا مهدی رسول / بیناسازی** 2006/12/30